# ستایلە تازەکانی کراسی بووکێنی بۆ (٢٠١٢)



مۆدەی جلەکان لەگەڵ هەر ستایل و دیزانێکی تازەتر گۆڕانکاری بەسەردادێ و ئیتر لەمۆدە تازەکانەوە دەست پێدەکات و بەرەو شێوازی تازە هەنگاو دەنێت، بەمەش دەبێ لەگەڵ ستایلە تازەکان ڕێگە بگرین و لەکاری تازەی مۆدەکان خۆمان بێبەش نەکەین، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ لە تازەگەری مۆدەکان هەنگاوێکی گەورە، لە کاتێکدا مۆدەکانیش بەپێی جوانی و دیزانە گونجاوەکان کاری لەسەر دەکرێت، یەکێك لەو جلانەی کە زیاتر تازەگەری و نوێکاری بۆ دەکرێ، بریتییە لە جلی بووك، لەگەڵ ئەوەی گونجاو و کراوەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو جوانییەی و تەنانەت مۆدیەکە پێویستە لەسەرشێوازی تازەی بەردەوام بێ، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی جوانی خانمان و پەرەپێدان بەو خانمانەی لە ڕۆژی ئاهەنگ وەك شاجوانێك دەردەکەون و تاگرنگترین ڕۆژ بێ لە ژیانیادا، بۆیە بۆ تازە مۆدەکانی ئەو جلە، چەند شێوازێکی تازە دەرکەوتووە، ئەمەش مۆدەی ساڵی ٢٠١٢ دەبێ کە شێوەیەکی جوان و بە نەخشی هەیە، شێوەی سەرەوەی تەسکە و لە خوارەوە بە شێوەیەکی فراوان کراوەترە و ئەمەش وادەکات کە ئەو بووکەی وابێت، وەك شازادەیەك دەربیخات، دوو شێوازی هەیە ئەوانیش: سەرەوەی کراوە و شێوەی دیکەشی بە تاڵە و دەکەوێتە سەر شان.





## ڕەنگی وەنەوشەیی جوانترین ڕەنگە بۆ پشت چاوەکان

ماکیاژ ڕێگەیەکە بۆ چارەسەری و تازەگەری لە بواری جوانی ڕووخساری خانمان، کە بەجۆرێك دەتوانن شایستەترین شێواز و ستایل بۆ ماکیاژەکانیان دابین بکەن، ئەمەش لەڕێگەی ئەو جۆرە ماکیاژەی کە لەگەڵ شێوە و ڕووخساری ئەو خانمە بگونجێ، بۆ ئەوەی گونجاو بێ و بە ڕەنگەکەیەوە کراوە و ڕازاوە بێ، چونکە ڕۆڵی ماکیاژ گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بە تایبەت کاتێك ئەو ماکیاژە گونجاوە هەڵدەبژێری، ئەوەی لەگەڵ هێڵکاری ڕووخساری خانمان دەگونجێ.

شێوازی ماکیاژەکان جیاوازی هەیە لە شێوازێك بۆ شێوازێکی دیکە، ئەمەش بەگوێرەی ڕەنگەکانەوە زیاتر دەردەکەوێ، چونکە ڕەنگی ماکیاژ گرنگی و جوانی ماکیاژەکە دەردەخات، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ ئاگاداری جۆری ئەو ڕەنگە بین کاتێك بۆ ماکیاژ بەکاری دەهێنین، لەم ڕێگەیەوە دەکرێ شایستەترین ڕەنگ بۆ ئەو وەرزە هەڵبژێرین ئەویش ڕەنگی وەنەوشەییە، کە تاکە ڕەنگە لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژ و ڕەنگی پشت چاوەکان گونجاوترین و ناسکترین جوانی ببەخشێ.

# ئێکسسوارەکان جوانییەکی هێمن دەبەخشن



هەر جۆرە ئێکسسوارێك دیمەنێکی ڕازاوە و جوانی هەیە، بە تایبەت ئەوانەی لەو شوێنانە دەپۆشرێن کە هەردەم بەرچاون، لە ڕێگەی ئەو جۆرە ئێکسسوارانەوە دیمەنێکی کراوەمان دەست دەکەوێ، ئەمەش بە گوێرەی شێوازی ئێکسسوار و ئەو شوێنەی لێوەی دەپۆشرێ گۆڕانی بەسەر دادێ و دیمەنێکی دیکەی دەبێ، هەندێك لە ئێکسسوارەکان بە بەردەوام دیارن و لەبەرچاون، وەك بازنگ و ئێکسسوارەکانی دەست، ئەمەش بۆ ڕازاندنەوە و جوانی دەستە، جۆرە ئێکسسوارێك هەمان شێوەی بازنگی هەیە، بەڵام لەشێوەی زنجیرە و لە دەست دەخرێت، یان لە مل دەخرێ، ئەمەش وەك ئێکسسوارێکی دیمەنێکی خاو و جوانی هەیە، بە تایبەت ئەوانەی زنجیرێکی کراوە و بە نەخشیان هەیە، ئەو جۆرە ئێکسسوارە دەکرێ بە تەنیا لە مل و دەست بخرێ، لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی جوانی هەیە، تەنانەت دەکرێ لەگەڵ ڕەنگ و ستایلی جلەکان یەکبخرێن ئەمەش بۆ زیاتر ڕازاندنەوە و گونجاوکردنی مۆدەی ئێکسسوار و جلەکان.



# تازەگەری و نوێکاری لەکراسە کوردییەکاندا

یەکێك لەگرنگترین بوارەکانی جوانکاری کوردی ئەوەیە کە ماوە ماوە گۆڕانکاری و تازەگەری لەنێو مۆدەکانیاندا بەدی دەکرێ، ئەمەش بەواتای نوێکاری لەدیزاین و شێواز و ستایلەکانی دەکرێ، کە ئەوەش یەکێکە لەگرنگترین هەنگاوەکانی جوانکاری کە بەشێوازێکی تازە و بەردەوام بێ لە چاو مۆدەی پێشتر و بەرەو شتی تازەوە هەنگاو بنێ، کراسی کوردی وەکو لەشێوە کۆنەکانیشیەوە دیارە بیر لە جوانی شێواز و ڕازاوەیی و سەرنجڕاکێشی کراوەتەوە تا بەئەمڕۆش دەگات کاری تازەی بەسەردا دێت و ستایل و مۆدەی تازەی لەسەردا دێتە کایەوە، وەکو مۆدەکانی: کەوێ و سەڵتە – کراسی کوردی، تازەترین مۆدەی ئێستای کراسی کوردی بریتییە لەکراسی کوردی سادە کە بەپوولەکە دەڕازێنرێتەوە، تازەگەری لەمۆدەی کراسی کوردی زیاتر لەلایەن دیزانەرانی بواری جوانکاری لەوڵاتانی ئەوروپاوە دەکرێ، لەکوردستانیش کاری لەسەر کراوە، بەڵام شێوازی کۆنی خۆی لەدەست نەداوە و لەسەر هەمان ستایلی پێشوو تازەگەری بۆ کراوە، ئەوانەش چەندین مۆدەی تازەن لەکراسی کوردیدا بۆ زستانی ساڵی ٢٠١١ و بەهاری تازە ٢٠١٢.



# گوارە دوو ڕەنگییەکان







جوانی ئێکسسوارەکان لە شێوە و ڕەنگەکەیەتی، کە دەتوانین لە ئێکسسوارێکی سادەوە گەورەترین جوانی لێوە دروست بکەین، ئەمەش کاتێك لە ڕێگەی گونجاوبوونی ئێکسسوارەکەیە لەگەڵ مۆدەی جلەکان یان ڕەنگی ماکیاژ و ڕەنگەکانی رووخسار، یەکێك لەبچووکترین ئێکسسوارەکان بریتییە لە (گوارە) بچووکەکان، ئەوانەی شێوەیەکی بچووك و ڕازاوەیان هەیە، ئەمەش کاتێك بەهۆی ئەو قەبارە خنجیلانەوە گەورەترین جوانی دەبەخشێ، شێوازی گوارەکان بەشێوە ناسکەکەیەوە دەکرێ هاوشێوەی دیمەنی ماکیاژ و رووخسار کراوەیی خۆی بگونجێنێ، گونجاوترین جۆری گوارەکان ئەوانەن لەدوو ڕەنگ پێکهاتوون، ڕەنگێکی بریتییە لە زنجیرەکەی کە دەکەوێتە سەر گوێچکە و ئەوەی دیکەش شێوە بچووکەکەیە کە دەکەوێتە خوارەوە و لە ڕەنگێکی دیکە دەبێ، ئەمەش یەکێك دەبێ لەجوانترین گوارەکان و بەشێوەی دوو ڕەنگەکەیەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەردەخات و شایستەی سەیرکردن و لەگەڵ شێوازی جلەکان و ماکیاژی رووخسار خۆی دەنوێنێ.




هەڵپەركـــێ چەند جووڵەیەكی ڕێكخراو و بـــەدوای یەكەوە دووبارە دەبێتەوە، هەر نەتەوە و هۆزێك جۆرە ســـەما و هەڵپەركێییەكی تایبەت بەخۆیان هەیە، كوردیش وەك یەكێك لەنەتەوەكانی جیهان، چەندین جۆرە هەڵپەركێ و شـــایی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش لەكاتە خۆشـــەكان و بۆنـــە تایبەتەكاندا كوڕان و كچان و گەورە و بچووك، دەســـتی یەكتر دەگرن و شایی و بەزمی خۆیان دەكەن، لەشاییدا تەنیا ئەوەیە دیمەنێكی جوان پێشـــكەش بكەی بەجووڵـــە و هەنگاوە جوانەكان، ئەو شـــایی و هەڵپەڕكێیانەی لەناو كوردا بەناوبانگە بریتییە لە: شایی (یەك پێ - سێ



## سەیرترین وێنە فۆتۆگرافیی

وێنەگرتـــن بۆ كاتێكی دیاریكراوە یان چركەیـــەك لە ژیانمان وەریدەگرین و ئەمەش بە مەبەستی یادگاری و مانەوەی لە داهاتوودا، وەك ئەوەی وەستانێك بێ لە تەمەن و كات، وێنەگرتن زیاتر تیشـــك دەخاتە ســـەر ڕووخسار، چونكە شێوەی ڕووخسار گۆڕانكاری بەسەردا دێ لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن، كەچی ئەو دوو وێنەیە بە ســـەیرترین شـــێوە وەرگیراوە ئەوەی یەكەم وێنەی ئەم چەند خانمە بە شـــێوازێكی سەیر گیراوە، كە هەر هەموویان ڕووخساریان داپۆشراوە و كـــەس نازانێ كێ كێیە، تەنیا نێـــوان خۆیان دەزانن و ڕەنگە دوای ماوەیەك لە وێنەكە نەزانن كامە خۆیەتی و لەكوێ وەستاوە، وێنەی دووەمیش ئەو وێنەگرە ســـەیرەیە كە بۆ تەنیا وێنەی بۆقێك ســـەری خســـتۆتە ژێر ئاو و بە نهێنی و بێدەنگی وێنەی بۆق دەگرێ.



## وێنەكێشان بە قژی مرۆڤ !







بەهرەكانی مرۆڤ لەچەندین لایە دەردەكەوێ، ئەوەی بەنیازی كارێك بێ دەتوانێ بەئاســـانی و گرنگییـــەوە كاری بۆ بكات و سەركەوتنیش بەدەست بێنێ، وەك ئەو خاتوونەی لەوڵاتی كۆلۆمبیا بەنـــاوی (زایرا بۆلیدۆ) كە كاری ڕســـتن و تەتریز دەكات، بیری لەشتێكی سەیر كردەوە، ئەویش دروستكردنی وێنەیە بەتێهەڵكێشان لەمـــووی قژی مرۆڤ و گیانداران بۆئەوەی لەوێنە و نەحتەكانی بەكاریبهێنێ و ببێتە یەكێك لەكارە ســـەیرەكانی، ئەمەو لەم چەند وێنەیە كۆمەڵێك مووی قژی هاوڕێكانی كۆكردۆتەوە و توانیویەتی بیكات بەوێنەیەكی جوان و چەندین وێنەی دیكەی كەســـایەتییە بەناوبانگەكانی وڵاتەكەی بنەخشێنێ.

# شایی کوردی






پێ – شـــایی دوو پێ کە بەشایی سلێمانی ناسراوە – شایی شێخانی - شـــایی گەڕانەوە – شایی هەورامی)، شتێکی گرنگ لەشایی کوردیدا هەیە، ئەویش ئەوەیە لەســـەرەتای شـــایی بێ، پێی دەڵێن (سەرچۆپی) کە پەڕۆکێك بەدەســـتەوە دەگرێ و دەیهەژێنێ و ئەوەی کۆتایی شاییش پێی دەڵێن (گاوانی) کە ئەویش وەکو ئەوەی ســـەرچۆپی بە پەڕۆکێك کۆتایی بەڕیزەکان دەهێنێ، بەم دواییە چەندین جۆرە شایی و نمایشی تـــازە دەرکەوتووە و ئەمەش دەبێتە شـــاییە مۆدێرەنەکان لەهەڵپەرکێ و شایی کوردی.




امید استقلال

# هەگبەی ڕۆژنامەگەری کوردی
# ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)

**ئامادەکردنی: جەمال خەزنەدار**

(ڕۆژنامەی امید استقلال – ئومێدی ئیستقلال- سلێمانی ١٩٢٣)

ئەم چەند وشـــەیەی سەرەوە لەســـەر لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە ناوی (ئومێدی ئیســـتقلال) بووە لە ســـاڵی (١٩٢٣) لە سلێمانی دەرچووە و ڕۆژنامەیەکی سیاســـی و ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بوو، هەروەها غەزەتەییەکی فەرمی بووە، هەفتەی جارێك دەردەچوو.

لە ژێر دروشمی:

(خودایە بەسیە ئیتر لابرێ دەیجوولی ئیزمحیلال،
تلووعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستقبال
لەگەڵ خولیایی هیجرەت بەسەرچوو عومری شیرینم
دەسا نۆبەی ویساله ئاه.. ئەی ئومیدی ئیستقلال)...

بەڕێوەبەر و سەرنووســـەر و سەرپەرشـــتی لەلایەن (ڕەفیق حیلمی) بوو، کە بۆ هەموو شـــتێك موراجەعەت بە مودیـــری غەزەتە دەکرا، لەوکاتە نرخی ئەو ڕۆژنامەیە بە عانەیەك بووە، ئەمەو (رەفیق حیلمی) ئەفەندی بووە و کراوە بە بەڕێوەبەری بەرپرس کە بەپێی ئیرادەی مەلیکی کوردســـتان (شێخ مەحمودی حەفید) پێیڕاسپاردراوە، وەك ئەوەی خوارەوە:

بۆ جەنابی (رەفیق حیلمی) ئەفەندی..


لەبـــەر ئەوەی کە لای خۆم ئالیەتی کتاباتی مالییەی مودیریەتی ئومێدی ئیســـتقلال تەودیع بە جەنابتان کراوە، لازمە ئیدارەی بکەن و هەموو هەفتەیەك غەزەتە ئینتیشار بکات.

مەلیکی کوردستان
ئیتر حووسنی خزمەتتان مەتلووبە
٢ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٣...

# یەکەمین ئوتۆمبێل لە عێراق و کوردستان

ئوتۆمبێل لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی ئەوەندە کۆنی نییە، پێشتر لە ساڵانی نێـــوان١٨٧٠ تا ١٨٩٠ دروســـت کراوە، ئەوکاتە ڕێژەیەکـــی کەم لە ئوتۆمبێل هەبووە و ئیتر هەر یەکە تایبەت بە ســـەرکردە و پیاوانی دەوڵمەند بووە، ئەمەش وایکردووە کە ڕێژەیەکی کەم بێتە رۆژهەڵات و بۆیە مێژووی یەکەم ئوتۆمبێل لە عێراق و کوردســـتان دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ عێراق و کوردســـتان ئەوەش لە ساڵی (١٩٢٢) یەکەمین ئوتۆمبێل هاتۆتە ناو عێراق و کوردستانەوە، هاتنی ئەو ئوتۆمبێلەش لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بووە بۆ هاتوچۆ پیاسە و گەڕانیان بەناو ئەو وڵاتەدا.





ئا: جەلال جرجیس شیر شەقڵاوە




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەبواری کارەوە لە ڕەوشێکی باشدا دەبن و دڵەڕاوکێ و بێزارییەکانت بەرەو کۆتایی دەچێت، تەنیا باری تەندروستیتان پێویستی بە چاودێری زیاتر هەیە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەروەك ماوەی پێشوو، هەمیشە نارەزایی پیشاندەدەیت سەبارەت بەئیش و کارتەوە، لەبواری کۆمەڵایەتیشەوە پێوەندیەکانت ناجێگیر دەبن، پێویستیت بە دڵنیایی هەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەوانەیە گەیشتن بە مافەکانت نزیك بوویێت، هەر چەند کۆسپیشت بێتە سەر ڕێگاو بەرەو نارەزایی و گلەییش ببیتەوە، لە هەنگاونانت بۆ پێشەوە مەترسە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەشێکی ڕۆمانسی هیواو ئاواتەکانت دەبوژێنێتەوەو شادومانت دەکات، بەڵام پێویستە بە ژیری ئەم دەرفەتە بقۆزیتەوەو لەدەست خۆتی نەدەیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

بە قسەی خۆش مار لەکون دێنیتە دەرەوەو دڵە زامارەکان ساڕێژ دەکات، بۆیە پێویست بەوە ناکات بەهەڵچوون و توورەییەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرت بکەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەبواری کاردا هەمیشە چالاك و پێشەنگیت لە جێبەجێکردنی پرۆژەی تازەو نوێ، بەڵام لەم ماوەیەدا کەسێکی نامۆ دڵت توند دەکات و پەرێشانت دەکات.


## ماناى شتەكان لە خەون

**زێڕ:** بینینی زێڕ لەخەودا باش نییەو ئەڵێن غەم و خەفەتە، ئەو کەسەی هەندێ زێڕ بەخۆوەبکات هەندێ کەس خزمایەتی لەگەڵ دا ئەکەن و شایستەی ئەو خزمایەتییە نین، ئەو کەسەی پارچەیەك زێڕ وەربگرێت ئەوەندەی ئەو زێڕە غەم و خەفەتی بۆ دێت، ئەگەر زێڕەکە زۆر بێت ئەو کەسە پایەبەرز ئەبێت، ئەو کەسەی لەخەودا ببینێ ماڵەکەی لەزێڕ دروست کراوە ئەو کەسە ئەسوتێ، زێڕ تواندنەوەی شەڕ و ئاژاوەیە، ئەو کەسەی هەردوو دەستی ببێتە زێڕ هەردوو دەستی ئیفلیج ئەبێت، ئەو کەسەی چاوی زێڕ بێت کوێر ئەبێت، جاری وا ش هەیەزێڕ بەمانای خۆشی و شادی و ڕزق و کردەوەی چاك دێت، زیو ببێتە زێڕ زۆر باشە، زێڕ و زیو نییەت پاکییە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## یاری پیت دۆزینەوە

**لەم چەند پیتەی (و) یەکێك لەو پیتانە، پیتێکی جیاوازە، بۆ ئاستی زیرەکیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چرکەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزەوە!**



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (رانیە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی گەنج)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خۆشەویستەکەی مەم کێ بوو)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەتاڵ)
- پیتی خانەکانی (٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دراوی وڵاتی ژاپۆن)



## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- ناوی پێغەمبەرێکە.
٣- شارێکە لە فەلەستین- ستەمکار.
٤- دراوێکـــی بیانییـــە(پ)- گەنمـــی هاڕاو(پ).
٥- لەبەرچی(پ)- خەیاڵ(پ) .
٦- غیرەت- چەم- جۆری میوەیە.
٧- جۆرك- وەکویەك.
٨- شەونم(پ)- دەلەسە- پیتی مۆزیکایە.
٩- نیوەی درەو- ناوی دارێکە- پڕ(پ).
١٠-دووپیتی جیاواز- وشـــەی بانگکردنی پوور(پ)- قینی.
١١- سەرچاوە- ناوی کوڕانە(پ).
١٢- بای ســـارد لەگەڵ بەفروباران(پ)- ڕووخسار.

## ســـتوونی:

١- گۆرانیبێژێکی لوبنانییە- نیشتمان.
٢- وەکویەك- مانا(پ).
٣- فەیلەسوفێکی یۆنانییە هورگی.
٤- دوو پیتی جیاواز- لە زێ گەورەترە.
٥- دەست پیس- جەهەنەم- نیوەی نزار.
٦- ئەمن- ئەحمەق(پ)میر.
٧- چیایەکە لە کوردستان(پ)- گۆرانیبێژێکی فەرەنسییە(پ).
٨- کەیف- ئامرازی بانگکردن(پ).
٩- قەڵایەکی کوردی کۆنە(پ)- پەمۆ(پ)- نیوەی سەرم.
١٠- وەکویەك- گوریس(پ)- دژی درشت.
١١-خۆشـــەکەمێرد- وەکویـــەك- بەنداوێکـــە لە کوردستان .
١٢-گۆرانیبێژێکی کوردە.

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبـــدە ئـــەو پیتانەی ناو بازنـــەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی نـــاوی گوڵێکە بۆت بۆ دەربچێ

ن ز ر ی گ

وەڵامی ژمارەی پێشوو (ژاڵە)



## نوکتە

- کابرایەك لەناو برادەرەکانیدا دانیشـــتووە، ژنەکەی تەلەفۆنی بـــۆ دەکات. پاش کەمێک بەتووڕەییەوە بەژنەکـــەی دەڵێت: «ژنەکە! کەواتە تا دێمەوە ئەو ئـــاوە گەرم بکەیت، ها». دواتر برادەرەکانی پێیدەڵێن ئافەریـــن، پیاو دەبێـــت وابێت، کابراش دەڵێت «ئەی چۆن، ئەی خۆ قاپ و حاجەتەکان بەئاوی ســـارد ناشۆم!!

* * *

- پیاوێک تازە لەعەســـکەری هاتووەتەوە دەڵێت عەرەبیم فوولە. پێی دەڵێن بەدەرزی دەڵێن چی؟ دەڵێت شتی وا بچووکم لێ مەپرسن. دەڵێن ئەی باشە بەفیل دەڵێن چی؟ دەڵێت شتی وا گەورەش نا. دەڵێن ئەی باشە بەمەڕ و بزن دەڵێن چی؟ دەڵێت بەمەڕ شتێکی خۆشی پێ دەڵێن و بزنیشم لەبیر چووەتەوە..

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە








**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

تەنیا بەخەون و خەیاڵ و هیواخواستن ناگەیـــت بـــە ئامانجەکانت، بەڵکو پێویســـتە خۆت مانـــدوو بکەیت و هەوڵ و کۆششـــێکی باش بدەیت، باری ئابووریت بەناجێگیری دەمێنێتەوە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

تۆ توانای ئـــەوەت هەیە هەنگاوەکانت بەســـەرکەوتوویی بهاوێژیـــت و بگەیت بـــە ئاکام، بـــەڵام بەمەرجێك گـــەر تواناو توانستەکانت بۆ یەکێك لە کارە گرنگەکانت تەرخان بکەیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەهـــاوکاری هاوڕێیەکـــی میهرەبانـــت بارودۆخێکـــی نوێـــت بۆ دێتـــە پێش و دڵخـــۆش دەبیت، چونکە دەتوانیت بەهرەو توانستەکانی خۆتی تیایدا بخەیتە گەڕو لە سەرکەوتن نزیکت دەکاتەوە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

نەیەڵیت خەم و خەفەت بەســـەر ئەقڵ و دڵتدا زاڵ بێت، دوورکەوتنەوەت لە ئیش و کاردا گـــەر بـــۆ ماوەیەکی کەمیش بێت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی باری دەروونیت هێور بێتەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

دەرمارگیری و تووڕەبوون کێشـــەو گرفتەکانت چارەسەر ناکات، کەمێك لەســـەر خۆ ڕەفتـــار بکـــەو زیاتر ڕێزی کەسانی بەرامبەرت بگرە، تاوەکو ئەوانیش ڕێزی زیاترت لێ بگرن و قەدرت بزانن.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

یەکێك لە گرفتەکانـــت بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت، بۆیە پێویســـتە پێشـــی لێبگریـــت و بەزوویی چارەســـەرێکی گونجـــاوی بـــۆ بدۆزیتـــەوە، داوای هاوکاریش لە هاوڕێکانت بکە.